# تۆ بڵێی ئیسرائیل کوردستان داگیر بکات !

یاسین بانیخێڵانی

لە وتارێکی بەڕێز د.کەمال سەید قادر، کە لە دەنگەکان ڕێکەوتی 11.12.2004 لە ژێر ناونیشانی "بگەنە کوردوستان ئیسرائیل داگیری کرد"بڵاوکراوەتەوە پێم خۆشە ئەگەر دکتۆر دڵگران و نیگەران نەبێت بە کورتی بۆچوونی خۆم لەسەر ئەو نووسینە دەرببڕم.

ئەو وتارەی د.کەمال لە ڕوویەکەوە هەست دەکەم زۆر پەلەی تێدا کردووە، بۆیە من بە باشی دەزانم هیچ کەسێك بە خۆیشمەوە لەو جۆرە نووسینانەدا پەلە نەکات بۆ ئەوەی نەکەوێتە ناو هەڵەی گەورەوە یان نەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی سۆزدارییەوە، ئەگەر چی زۆربەی ئەو نووسینانەی بەتایبەتی سەر سایتەکانی ئینتەرنێت نووسراوەیەکن هەست و سۆز دەیانجوڵێنێت و کەمتر نووسینی دۆکۆمێنتار و لۆژیکین یا دەتوانم بڵێم: زیاتر نووسینی گێڕانەوەو ئاخاوتنن نەك نووسنی نووسراوەیی. نووسنی گێڕانەوە یا ئاخاوتن ئەو نووسینانەیە زیاتر لە ڕێگای بیستنەوە پشت بە ئاخاوتن و گێڕانەوە دەبەستێت و پاشان لە دەقێکدا خۆی بەرجەستە دەکاتەوە وەك داستان و ئەفسانەکان، هەر بۆیە هیچ کەسێك ناتوانێت ڕەخنە ئاراستەی ئەو جۆرە دەقانە بکات، چونکە ئەو جۆرە دەقانە ئەگەر هەقیقەتیشیان تێدا بێت ئەوا لەڕێگای خەون و فانتازیای گێڕەرەوە ون دەبێت و دەشێوێندرێت. بە کورتییەکەی نووسینی گێڕانەوە ئەو نووسینەیە لە نێوان درۆو ڕاستی، هەقیقەت و پێچەوانەکەیدا گەمەی خۆی دەکات و خوێنەریش هەر کام لایان لە بەرژەوەندی بێت خۆی لەوێدا دەبینێتەوە. دووەم: نووسینی نووسراوەیی ئەو نووسینەیە هەمیشە پشت بە فاکت و دۆکۆمێنت دەبەستێت و سەرچاوەکانیان دەستنیشان دەکات بۆ ئەوەی گومانەکانی خوێنەر بڕەوێنێتەوەو بەرەو گومانێکی تریان ببات، کە لەوێ بەهەقیقەت دەگەن، ئەمەش بە پشکنین و گەڕان بەدوای سەرچاوەکاندا.

مەبەستی سەرەکیم لە و قسانەی سەوەرەوە ئەوەیە لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا، ئەگەر چی پێشتریش هەمان دەنگ و باس لە سەر هەبوونی جولەکە لە کوردستاندا هەبوو، بەڵام چەندین جار سەرکردەی هەردوو زلحیزب ئەو دەنگ و باسەیان بە پرۆپاگەندەو درۆ ناوزەند کرد. سەرەتا ئەم هەواڵانە لە تورکیاوە بڵاو بووەوە، مەبەستی تورکیاش جوڵاندنی هەستی نەتەوایەتی شۆڤێنزمی عارەبی و فارسی بوو لە دژی کورد. تورکیا بۆ خۆی چەندین پەیمانی ئابووری و سەربازی لە گەڵ ئیسرائیلدا مۆرکردووەو دۆستایەتییەکی بەتینی لەگەڵ ئەو دەوڵەتەدا هەیە بەڵام ئەو دۆستایەتییە بە کورد ڕەوا نابینێت چونکە بە زیانیان دەشکێتەوەو ئەگەر کورد دۆستێکی وەك ئیسرائیلی هەبێت ئەوا ئەوان چیتر ناتوانن بەو شێوە لەسەر داگیرکردنی کوردستان و کوشتن و لەناوبردنییان بەردەوام بن، لەسەرێکی تریشەوە وەك د.کەمال باسی دەکات ئەگەر جولەکە لە کوردستان هەبن و خەریکی کاری بازرگانی و زەوی و خانوو کڕین بن ئەوە کارێکی زۆر ئاساییە چونکە تورك و فارسیش لە ژێر ناوی بازرگانیدا هەمان کاریان کردووە، بەڵام مەبەستەکانییان جیاوازە. تورك و فارس دێنە کوردستان بۆ کاری سیخوڕی و تیرۆر لە دژی ئەو هێزو بزوتنەوە کوردییانەی پەنایان بۆ باشوری کوردستان هێناوە، پێم وابێت تیرۆرکردن و فڕاندنی کادیرو پێشمەرگەکانی کۆمەڵە، دیموکرات و پەکەکەی جاران و پارتی گەلی ئێستا نمونەی زیندوون جگە لەوەی چەندین

جار بە هەمان بەهانەوە هێرشی سەربازیشیان بۆ باشوری کوردستان ئەنجام داوەو تا ئێستاش زۆرێك لە سوپای تورك لەباشوری کوردستان نەڕۆشتوونەتە دەرەوە. تورکیا کاتێك هەست بەوە دەکات کورد خەریکە دۆستایەتییەکەی لەژێر کۆنترۆڵی ئەودا دەچێتە دەرەوە ئیتر شێتگیر دەبێت و جارێك بەهەڕەشەکردن و جارێك بە پڕوپاگەندە لە دژی بەرژەوەندییەکانی کورد دەوەستێتەوە، کە ئەمەی دوواییان پۆخڵترین پیلانە لە دژی کورد دایڕشتووە هەتا ڕقی عارەب و فارس بەرامبەر بەکورد هەستێنێت، ئەگەرچی ئەگەر کورد ژێر بەژێریش نەك وەك ئەوان بە ئاشکرا پەیمانی دۆستایەتی و بازرگانی تەنانەت سەربازیشی لەگەڵ ئیسرائیلدا مۆرکردبێت کارێکی شەرعییەو نابێت ئێمە پێمان ناخۆش بێت، چونکە زۆربەی ئەو وولاتانەی ئیسرائیل بە دوژمنی خۆیان دەزانن ژێر بە ژێر پەیوەندییان لەگەڵ ئیسرائیلدا هەیە، ماوەیەك پێش ئێستا بڵاوبووەوە، کە چەند یەکەیەکی سەربازی میسر لە ئیسرائیل مەشقیان پێکراوەو تەنانەت چەندین وێنەی سەربازە کچەکانی میسر بڵاوکرایەوە، کە خۆیان خزاندبووە باوەشی سەربازە کوڕەکانی ئیسرائیل و هەندێك هەر لەوێ شویان کردوو نەگەڕانەوە بۆ میسر، ئیتر بۆ دەبێت کورد خۆی لە پەیوەندییەکانی ئیسرائیل بەدوور بگرێت، ئەوە دەوڵەتی کاتی عێراق نییە خوازیارن پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئیسرائیلدا ئاسایی بکەنەوە !.

بەڕای من ئەگەر جولەکە بێتە کوردستان و کورد ببێتە دۆستی ئیسرائیل قازانجی لە زیانی زۆرترە لەبەر ئەوەی هیچ نەبێت ئیسرائیل داگیرکەری خاکی کوردستان نەبووە هەتا ڕێگە لە بەرژەوەندییە نەتەوایەتییەکانی بگرێت. من بۆ خۆم دژی هەر داگیرکارییەکم، بەڵام پێم سەیرە تورکیا بە ئاشکرا هەڕەشەی داگیرکردنی باشوری کوردستان دەکات و بە ئاشکرا میدیای حیزبە کوردییەکان ڕێکلامە بۆ کاڵاکانی تورکیا دەکەن و بە ئاشکرا زەوی بەسەر تورك و تورکمانەکاندا دابەش دەکرێن زۆرێك لە ڕۆشنبیران و نووسەرانی کورد بێدەنگن بەڵام کاتێك دەوڵەتێکی وەك ئیسرائیل، کە ئەقڵی یەکەمی ئەمەریکایەو سیاسەتی ئەمەریکا بەڕێوە دەبات بێتە کوردستانەوە ئێمە بە داگیرکەری بزانین، لەکاتێکدا جولەکە تەنها دەتوانن بیر لە بەرژەوەندی ئابووری و خەرکردنی سەرمایە بکەنەوە هەر لەم ڕێگایەشەوە توانیان سیاسەتی خۆیان بەسەر زۆر لە وولاتانی جیهاندا بسەپێنن بە ئەڵمانیاشەوە، کە ڕۆژێك لە ڕۆژان تەنها بیری لە لەناوبردن و کۆمەڵکوژی جولەکە دەکردەوە. ئەگەر جولەکە بێتە کوردستانەوەو سەرمایەکانی خۆیان لە کوردستاندا بخەنە گەڕ، دڵنیام قازانجی خەڵکی کوردستانی تێدا دەبێت هەم لە ڕووی ئابوورییەوە هەم لە ڕووی سیاسییەوە...

1- لە ڕووی ئابوورییە، مادام کەرستەکانی بەرهەمهێنان لەناو کوردستان نابرێنە دەرەوەو پاشان لەدەرەوە بگەڕێنرێتەوە بۆ کوردستان و هەر لەناو کوردستاندا بەرهەمدەهێنرێت و پاشان ڕەوانەی دەرەوە دەکرێت نرخەکەی هەرزانتر دەکەوێت وەك ئەوەی کاڵایەی ببرێتە دەرەوەو پاشان بگەڕێنرێتەوە کوردستان، جگە لەمەش خەڵکی کوردستان لە دەست بێکارییەکی زۆر ڕزگار دەکات. لە چەند مانگی ڕابردوودا کاتێك ئەمەریکا بڕیاری بردنە دەرەوەی چەند بنکەیەکی سەربازی خۆی لە ئەڵمانیادا، (ئەگەرچی وەك داگیرکەر لە ئەڵمانیادا ماون) هەم شرۆیدەرو هەم فیشەر وەزیری دەرەوە ناخۆشحاڵی خۆیان دەربڕی چونکە جگە لەوەی زیانی بۆ ئابووری ئەڵمانیا هەبوو خەڵکێکی زۆریش بێکار دەبوون.

2- لە ڕووی سیاسییەوە ئەگەر ئیسرائیل لە کوردستاندا سەرمایەکانی خۆی بخات بە دڵنیاییەوە پێویستی بە دامەزراندنی چەند بنکەیەکی سەربازیش هەیە بۆ پاراستنیان، ئەگەر چی ئیسرائیل بۆ خۆی دەیەوێت بنکەی سەربازی لە کوردستاندا هەبێت، ئەگەر بکرێت و ڕێگەی پێ بدرێت، هەتا بتوانێت هەڵسوکەوتی ئێران بخاتە ژێر چاودێرییەوە بۆ ئەوەی بتوانێت لە نزیکەوە خۆی لەو هێرشانە بپارێزێت، **که ئەگەری هەیە**، ئەمەش ئەو سودەی دەبێت هیچ هێزێکی داگیرکەر نەتوانێت وەك جاران و هەر کاتێك خواستی هێرش بکاتە سەر کوردستان و کاول و داگیری بکات.

سەبارەت بەو سێ خاڵە د. کەمال باسی لێوە دەکات، کە فاکتەری زیندوون بۆ داگیرکردنی کوردستان لە لایەن ئیسرائیلەوە من پێم وانییە هێندە ئاسان بێت بە چەند وتار یا کتێبێکی مێژووی ئیسرائیل بتوانێت کوردستان بکاتە نیشتیمانی جولەکە، چونکە بە هەزارەها وتار و کتێبی مێژووی هەن بیسەلمێنن کوردستان نیشتیمانی کوردانە، ئەڵبەتە بەدرێژایی مێژوو عارەب و فارس و تورك ئەو سیاسەتەیان بە تیۆری و پراکتیك جێبە جێ کردو سەدان هەزار خەڵکی کوردیان لەناو برد نەیانتوانی بیسەلمێنن کوردستان بەشێکە لە وڵاتەکەی ئەوان ئیتر ئیسرائیل چۆن دەتوانێت بە چەند وتار یا کتێبێك مێژوو ئاوەژوو بکاتەوە، خۆ ئەم سەردەمە سەردەمی جەنگەڵ نییە هەر کەسێك ئارەزووی هەر شوێنێکی کرد بە خۆشی یا ناخۆشی بێت داگیری بکات و خەڵکەکەی ڕاوەدوو بنێت یا ڕەگەزەکەی بگۆڕێت. بڕوا ناکەم هیچ وڵات و گەلێك هەبێت ئەوەندەی تورك و دەوڵەتی تورك فاشی بێت، بەڵام نەیتوانی لە سیاسەتی بەتورك کردندا سەرکەوتوو بێت، بۆیە دەبێت ئەوە بزانین ئێستا لە سەردەمێکدا دەژین کێشەی داگیرکردن تەنها کێشەی ئەو وڵاتە نییە داگیر دەکرێت بەڵکو بووە بە کێشەیەکیی جیهانی و زۆربەی وڵاتە زلهێزەکانی جیهان ئەو کێشانە بە کێشەی خۆیان دەزانن. ئەگەر مەسەلەی ئیسرائیلیش وەك لەو نووسینەدا وادەردەکەوێت بە براکردنی کورد بێت و بیانەوێت لە ڕێگای مێژووەوە یا بایۆلۆژییەوە بیسسەلمێنن، کە کورد لەبەرەبابی جولەکەیە ئەوە دیارە بەختی کورد زیندوو بۆتەوە، کە وڵاتێکی وەکو ئیسرائیل ببێتە تاقە پشت و پەنای کورد، بۆیە لەم ڕووەوە دەبێت ئێمە زۆر دڵشاد بین و خۆمان دەستی ئیسرائیل بگرین و بیانگەڕێنینەوە بۆ کوردستان، چونکە ئەگەر ئیسرائیل ڕاست بکات و سیاسەتێکی دیماگۆگیانە پەیڕەوە نەکات ئەوا دڵنیام تا چەند ساڵی تر کوردستان دەبێتە ئیسرائیلێکی تر لە ناوچەکەدا ئەمەش لەبەرژەوەندی وڵاتە داگیرکەرەکانی کوردستان نابێت.

خاڵی دووەم، کە خاڵێکی تری گرنگە ئەوەیە: کە وەك لە وتارەکەی د. کەمال دا هاتووە نزیککردنەوەی کورد لە ڕووی بایۆلۆژییەوە لەگەڵ ڕەگەزی جولەکەدا. ئەم سیاسەتە پێشتر نازییەکان بەرامبەر بە گەلی جولەکە بەکاریان هێنا بەڵام جیاوازییەکەیان ئەوەیە نازییەکان دەیانوویست لە ڕووی بایۆلۆژییەوە بیسەلەمێنن خوێنی ڕەگەزی جولەکە خوێنێکی پیسە بۆیە لەناو بردنیان کارێکی ڕەوایە بەڵام جولەکە دەیەوێت لە ڕێی بایۆلۆژییەوە بیسەلمێنێت خوێنی ڕەگەزی کورد لە خوێنی خۆیانە واتە سیاسەتی نازییەکان سیاسەتێکی دوژمنکارانەیە و ئەمەی جولەکە دۆستانەیە، بۆیە لێرەوە من ئەم پرسیارە دەکەم: بە درێژایی مێژوو کورد خۆی بە برای گەلە داگیرکەرەکان داناوەو بە هەموو شێوەیەك هەوڵی داوە برایەتی خۆی بۆ ئەوان بسەلمێنێت، کەچی ئەوان لە پاداشتی ئەو برایەتی و دۆستایەتییەی کورد پێیانی بەخشیوە بە کوشتن وماڵوێرانکردن وەڵامیان داوەتەوە، ئەی

بۆ دەبێت ئێستا ئیسرائیل بە هەر بیانوو بەڵگەیەکی مێژوویی و زانستی ساختە بیەوێت کورد بکات بە برای خۆی ئێمە لە بەرامبەریدا بووەستینەوە؟.

بێگومان دۆستایەتی ئیسرائیل بۆ کورد ئەمڕۆ لە هەموو کاتێك پێویستترە، چونکە ئەو وولاتانەی کوردستانیان داگیرکردووە کورد وەك نەتەوە ناناسن لە هیچ شتێکدا یەك نەگرنەوە لە دژایەتی کردنی بەرژەوەندییەکانی کورددا هاو دەنگن و بەردەوام لە پیلانی نوێدان بۆ ئەوەی ئەو کەمە دەستکەوتەش لە باشوری کوردستان وەدەست هاتووە لەناوی ببەن هەتا کورد هەر بە ژێردەستەیی و لە ژێر ستەمی ئەواندا بمێنێتەوەو بە درێژایی مێژووش بۆمان دەرکەوت عارەب و فارس و تورك جگە لە کوشتن و بڕین وێرانکاری شارو گوندەکان و بڵاوکردنەوەی دواکەوتوویی هیچ شتێکی تریان بۆ کورد نەکردووەو ناکەن، ما دامەکێ کوردستان نیشتیمانێکی داگیرکراوەو هەر بەپارچەیەك لەو وولاتانەی داگیریان کردووە دەمێنێتەوە ئێمە لە دۆستایەتی کردنی ئەمەریکا و ئیسرائیل هیچ شتێکمان نییە بیدۆڕێنین جگە لە ستەم و زەبرو زەنگ نەبێت و ئێمە ژێر دەستەی ئەمەریکا و ئیسرائیل بووینایە زۆر قازانج ترمان بوو لەوەی ژێر دەستەی عارەب و فارس و تورك بووین بۆیە من بڕوام بەو وتەیە، کە دەڵێت: "مرۆڤ دوژمنێکی زانای هەبێت گەلێك باشترە لە دۆستێکی نەزان" کە جێگای داخە تا ئەمڕۆ ئەوەی هەمانبووە تەواو پێچەوانەی ئەو وتەیە بووە.

Freiburg 1.11.2004